# کاکە محمود ڕەزا ئەمین، ناوەندی چاک خەڵک چەواشە ناکات بەڵکو پشتگیری خەڵکی چەوساوە دەکات ... دلێر محمد علی

2005/9/13

بەڕێز کاک محمود ڕەزا ئەمین لە سەرنج و تیبینییەکانی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکەی کەلار بڵاوکردوەتەوە لە سایتی (puk online) لە بەرواری 2005/9/12 بڵاوکردوەتەوە کە هەندێ شتی سەیر و سەمەرە باس دەکات، بەڕێزیان ماف بەخۆی دەدات کە دەمی خەڵک بدورێتەوە و پێوەری حیزبەکەی خۆی فەرز بکات بەسەر ووتە و ڕای باش و خراپ لە لێدوانی خەڵک و کۆمەڵەکان.

بەڕێزیان لە نوسینەکەیدا یەکەم چەکوشی لە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک- دەدات کە یەکەم ڕێکخراو بوو کە لەسەر خۆپیشاندانەکەی کەلاری نوسی و داواکارییەکانی خەڵکی خستە ڕوو و پاڵپشتی خەڵکی ڕەش و ڕووتی شاری کەلار بوو، و بەیانەکەی ناوەندی چاک بە توندڕەو و هەڵە بەخش لەقەڵەم دەدات و داواکریەکانحسە بە قەبە و ناڕەوا، وا دیارە بەڕێزی کاک محمود ڕەزا وای پێ باشە ئێمە بە خەڵک بلێین (ئاساییە کە ئێوە بێ کارەبا و برسی و بێ خزمەت بن گرنگ ئەوەیە دەسەڵات و حیزبی دەسەڵاتدار و فایلچیەکان و ئەنفالچیەکانی ناو ئەو حیزبە خۆش ڕابوێرن) یان پێیان بڵێین (ئەی خەڵکینە دەمتان دابخەن بەس نیە بە کوردی ئەتانچەوسێنینەوە، بەس نیە بە کوردی ئەفرۆشرێن بە عەرەب، کارەبا کەی شتە ئێوە باسی دەکەن، با جادەکانتان قیرتاو نەبێ با ئاوتان نەبێ، بەس نیە قایمقامەکەتان کوردی ئەزانێت. . ببورن کوردە. . ؟) !!

کاکە محموود ڕەزای بەڕێز، جەنابتان لە هۆڵەندا ئەژین و ناوەندی چاک باش ئەناسن، وەک من و هەموو گەلی کوردستان، وەک هەموو خەڵکی هەڵەبجە و قوربانیەکانی ئەنفال، تەنانەت حیزبەکەشت باش ئەو ناوەندە ئەناسێت، خۆ لەبیرتە لە کاتی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی پێتان ئەوتین ئەو کردەوانە خزمەتی بەعس ئەکات، من نامەوێت ئیحراجت بکەم لەبەر ئەوەی من وەک ئەندامێکی کارای ئەو ناوەندە لە برادەرانی هۆڵەندام پرسی کە بەڕێزتان باش دەناسن وەک کوردێکی خاوەن هەڵوێست و ڕەسەن کە جیی ڕێزە لای من و هەمو کوردێک. بەڵام وا دیارە لەو نوسینەتا دەماری حیزبایەتی ئەوەندە بەرزبووەتەوە کە ڕاست و چەوتی لێ شێواندبویت، و یەکسەر بێ پرسیار یان پێداچونەوەیەک لە ناوەڕۆکی بەیانەکەی ناوەند تەلەفۆنت هەڵگرت و گلەییەکی سەرزەنشتیانەی پر لە هەڕەشەی شاراوەت پی ڕاگەیاند، هەرچەندە ئەو برادەرەی کە بەڕێزتان تەلەفۆنتان بۆ کردبوو سەرپەرشتیاری ماڵپەڕەکەمان نیە، هەڵبەتە بەڕێزم ئەو جۆرە کردەوانەی بەڕێزت نەخۆشییەکی کۆنە و بووە بە پەتا ئەو پەتایەش تەنها لە تۆی نەداوە بەڵکو لەناو حیزبەکەت و حیزبی هاوپەیمانیشت زۆر بڵاو بووەتەوە بە چەشنێک کە تەنها بە نەشتەرگەرییەکی فراوانی مەترسیدار نەبێت چارەسەر ناکرێت.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاک- لەوەتی دامەزراوە خەبات دەکات لەپێناوی نەهێشتنی جینۆسایدی گەلی کورد، و بەدواداچوونی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان، هەروەها کار دەکات لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراسیەت و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە کوردستاندا، لەسەر بنەماکانی جاڕنامەی گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک لەسەر خواست و پێوەرەکانی

ئێوە، جا لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە بەڕێزتان نیگەران دەبن لە نوسینەکانی ناوەندی چاک لەبەر ئەوەی بڕی زۆری ئەنفالچی و خاوەن فایلەکان ئەندامانی پایەبەرزی ئێوەن و پێوەرەکانی مافی مرۆڤ جیاوازن لە پێوەرەکانی ئێوە.
لەهەمان کاتدا بەڕێزتان بە چاوێکی بەرزەوە سەیری بەیاننامەی 5 حیزبەکە دەکەین لەبەر ئەوەی کە ئەو حیزبانە پاشماوەی قاپی ئیوە دەخۆن و ناوێرن ڕاستیەکان باس بکەن یان نایبینن.
هیوادارم کاک مەحمود ڕەزا ئەمینی بەڕێز نیگەران نەبوبیت لە قسەکانم، ئەوەشت لەبیر نەچێت کاکە، لە ئەوروپا خەڵک ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە، ماڵپەڕیش ڕۆژنامەیەک نیە بتوانن دایبخەن، ڕاستە لە کوردستان ئەتوانن ڕۆژنامە دابخەن و خەڵک بگرن یان لەسەر ئیش دەریبکەن، ئەبێت بەڕێزتان وەک هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست دڵخۆش بن بوونی ڕێکخراوێکی وەک ناوەندی چاک کە بوێرانە و هوشیارانە ڕای خۆیان دەردەبڕن.
لە کۆتاییدا بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنم کە ناوەندی چاک هەمان شێوازی بڵاوکراوەی بەکارهێناوە بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، و لە بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق لەسەر مەزارگەی شەهیدانی هەڵەبجە، و لە دامەزراندنی تاوانبار وەفیق سامەڕایی لەلایەن سکرتێری حیزبەکەتانەوە وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی و هتد....